cyan magenta yellow black File: p.14-15 fl ˙ Æ˝ ” 3



# ریال مەدرید پادشای ئەورووپایە
# بۆ جاری چوارەم بووە پاڵەوانی جامی سوپەری ئەورووپی

**هاوار مورتکەیی**

بۆ جاری چوارەم لە مێژووی خۆیدا، یانەی ریال مەدرید توانی نازناوی جامی سوپەری ئەورووپی بەدەست بهێنێت، دوای ئەوەی توانی بە ئەنجامی 1-2گۆڵ لە یانەی مانچستەر یونایتد بباتەوە، کە لەیارییەکی بەهێزدا لە یاریگای فیلیپی دووەم لە مەقدۆنیابەیەک گەیشتن.

کاسیمیرۆی بەرازیلی لە خولەکی 24ی یارییەکەدا توانی گۆڵی یەکەم بۆ ریال تۆماربکات، دوای ئەوە ئیسکۆ لە خولەکی 52گۆڵی دووەم و دڵنیایی تۆمار کرد و ریال بە 2گۆڵی بێ بەرامبەر پێشکەوت، مانچستەر لە خولەکی 62توانی جیاوازیی گۆڵەکان لە رێگای لۆکاکۆ کەم بکاتەوە بە تۆمارکردنی گۆڵێک، لە خولەکی 82رۆنالدۆ هاتە شوێنی بنزیما، بەڵام ئەنجامەکە هەر بەم شێوەیە مایەوەو کۆتایی هات و ریال نازناوەکەی بردەوە.



# لەمێژووی گواستنەوەکانی پریمەرلیگ دا
# چێڵسی زۆرترین خەرجیکردووە

یانەی چێڵسی ئینگلیزی پێشەنگی لیستی ئەو یانانەی گرتووە کە زۆرترین پارەیان لە واژۆکردنی بۆندەکان لەمێژوویی پریمەرلیگ خەرجکردووە، لەدوای وەرزی 1992-1993، دوای ئەوەی بەهای بۆندەکانی لەگەڵ یاریزانان گەیشتە یەک ملیارو 715ملیۆن پاوەند. رۆژنامەی (زە سەن)ی بەریتانی بڵاویکردەوە کە یانە شینەکە لەدوای هاتنی ملیاردێری رووسی رۆمان ئەبرامۆڤیچ لەساڵی 2003باری ئابووریان گەشایەوە، دیارترین بۆندەکانی یانەی چێڵسی کڕینی فێراندۆ تۆرێس و شیڤچینکۆ و دیدێ درۆگبا بووە، رۆژنامەکە دەڵێت یانەی مان سیتی لەپلەی دووەمی ئەم لیستە دێت، بەخەرجکردنی نزیکەی یەک ملیارو نیو پاوەند، لەنێوانیاندا بۆندە گەورەکانی گواستنەوەکانی ئەم هاوینە، پاشان دراوسێکەی مان یونایتد دێت بەیەک ملیار و 326ملیۆن پاوەند. رۆژنامەکە ئاماژەی بەوەکرد کە بەگوێرەی ئامارەکان یانەی لیڤەرپوول لەپلەی چوارەم دێت بەخەرجکردنی ملیارێک و 284ملیۆن پاوەند، دیارترین بۆندەکانی محەمەد سەلاح بووە لەم وەرزە، یانەی تۆتنهام لەپلەی پێنجەم دێت بەخەرجکردنی یەک ملیار و 67ملیۆن پاوەند. لەلایەکەی ترەوە یانەی ئابسۆیچ تاوەن کەمترین خەرجی هەبووە لەمێژووی پریمەرلیگ بە 42ملیۆن پاوەند، هەروەها لەم لیستەدا چەندین یانەی دیکە هەن وەکو نۆتنگهام و وێمبڵدۆن و دێربی کاونتی و شیفیلد.

**BIGGEST AND SMALLEST SPENDERS IN PREMIER LEAGUE HISTORY**

| Premier League Club | Total Spent | Premier League Club | Total Spent |
|---|---|---|---|
| Chelsea | £1,715,242,236 | Wigan Athletic | £141,106,248 |
| Manchester City | £1,452,465,243 | Queens Park Rangers | £120,774,465 |
| Manchester United | £1,326,047,408 | Norwich | £110,420,757 |
| Liverpool | £1,284,222,928 | Charlton Athletic | £106,824,898 |
| Tottenham | £1,067,652,307 | Coventry City | £88,064,404 |
| Arsenal | £831,083,654 | Sheffield Wedn esday | £76,227,481 |
| Newcastle | £769,148,188 | Derby County | £72,122,141 |
| Everton | £584,300,644 | Wimbledon | £52,158,214 |
| Aston Villa | £557,928,525 | Nottingham Forest | £43,279,161 |
| West Ham | £527,881,569 | Ipswich | £42,318,216 |

# بۆڵت بەیەکجاری دوورکەوتەوە

راکەری جامایکی ئۆسین بۆڵت وازهێنانی خۆی لە جیهانی یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان راگەیاند، دوای ئەوەی میدالیای برۆنزی لە پێشبڕکێی 100مەتری پاڵەوانێتی جیهان کە ئێستا لەلەندەن بەڕێوەدەچێت بەدەستهێنا، بۆڵتی تەمەن 31ساڵ دووپاتیکردەوە کە بەیەکجاری لەم یارییە دوور دەکەوێتەوە، چونکە جەستەی وەڵامی ئارەزووەکانی ناداتەوە، کە یەکێکە لەخۆشەویستانی یانەی مان یونایتدی ئینگلیزی. بۆڵت خاوەنی 11میدالیای زێڕە لە پاڵەوانێتییەکانی جیهان لەدوایین 4ساڵی رابردوودا، هەروەها خاوەنی ژمارەی پێوانەیی لە پێشبڕکێی 100مەتری بە 9:58چرکە، هەروەها بۆڵت یەکەمین یاریزانە بتوانێت پێشبڕکێی 100مەتری و 200مەتری سێ جاری لەدوای یەک بەدەست بێنێت، لە ئۆلۆمپیادی 2008و 2012و 2016؟ هەروەها دەستکەوتی ئۆلۆمپی و جیهانی 20میدالیای زێڕە کە ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەییەو پێشتر بەدەست نەهاتووە.




# بەرشلۆنە و لیڤەرپوول رێککەوتن

یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی لەگەڵ یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی گەیشتە رۆێککەوتن بۆگواستنەوەی یاریزانی بەرازیلی فیلیپ کۆتینهۆ لەماوەی گواستنەوەکانی ئەم هاوینەدا. تۆڕی (ESPN) لەسەرچاوە تایبەتەکانی نزیک لەیانەی بەرشلۆنە رایگەیاند کە یانەی کاتەلۆنی لەگەڵ یانەی لیڤەرپوول گەیشتۆتە رێکەوتن بۆ گواستنەوەی کۆتینهۆ بۆ قەرەبووکردنەوەی شوێنی نایمار کە چووە یانەی پاریس سانت جێرمان.تۆڕی ناوبراو ئاشکرای کرد کە یانەی لیڤەرپوول بەومەرجە رازیبووە کە یانەی بارسا بڕی 90ملیۆن یۆرۆ بدات لەگەڵ 30ملیۆن یۆرۆ پاداشت، هەرکاتێک یانەی بارسا تەواوی 222ملیۆن یۆرۆی لەیانەی پاریس سانت جێرمان وەرگرت بۆ هەڵوەشاندنەوەی بۆندی نایمار.




# 7ژمارەی پێوانەیی لە مێژووی تۆپی پێدا

تۆپی پێ کۆنترۆڵی مێشی هەموو خۆشەویستانی وەرزشی لەهەموو جیهان کردووە، بۆتە یارییەکی خاوەن زۆرترین جەماوەر لەسەر ئاستی جیهان، کە چەندین هۆکار هەن وایانکردووە ببێتە خاوەن زۆرترین هاندەر، لەگەڵ ئەوەی چەندین وڵات هەن گرنگی بەم یارییە نادەن، لێرەدا زۆرترین ژمارە دەخەینە روو کە بەهێزی ئەم یارییە دەخەنە روو:

– **خاوەن زۆرترین بینەرە لەمێژوو:** کۆتایی مۆندیالی 2014یاری نێوان ئەڵمانیاو ئەرژەنتین 700ملیۆن بینەری هەبوو.

– **زۆرترین خەڵات:** کۆی خەڵاتەکانی یانە پاڵەوانەکانی هەموو وەرزێک 34ملیۆن پاوەندە.

– **بەرزترین رێژەی مافی گواستنەوەی تەلەڤزیۆنی:** خولی ئینگلیزی بەهای گواستنەوەی تەلەڤزیۆنی دەگاتە 116ملیار پاوەند.

– **بەنرخترین بۆندی چاودێری:** یانەی مان یونایتد بۆندێکی چاودێری لەگەڵ کۆمپانیای ئەدیداس هەیە بەبڕی 1.7ملیار پاوەند.

– **بەرزترین موچە لەجیهان:** یاریزانی ئەرژەنتینی کارلۆس تێڤێز خاوەنی زۆرترین موچەیە لەگەڵ یانەی شەنگهای چینی کە 886ملیۆن پاوەندە.

– **تیپەکانی خاوەن زۆرترین هاندەرن لە سۆشیال میدیا:** یانەی ریال مەدرید و بەرشلۆنەی ئیسپانی خاوەنی زۆرترین چاودێران کە 100ملیۆن کەسیان هەیە.

– **وەرزشکارانی خاوەن زۆرترین چاودێرن:** کریستیانۆ رۆناڵدۆ زۆرترین کەس لەسەر ماڵپەڕە کۆمەڵایەتییەکان چاودێر دەکرێت کە 150ملیۆن کەسی هەیە.

